**رابەران‌و هەڵسوراوانی یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکانی عیراق**

**سلاو**

**ئەم پەرش‌و بلاویەو کیشەکانی ناو ریکخراوەکتان بە هیچ جۆریك لە قازانجی یەکگرتویی‌و بەرەوپیش بردنی بزوتنەوەی کریکاریدا نیە، بە بۆچونی من هەموو رابەرانی ریکخراوەکەتان لە بەرامبەر ئەو کیشانەدا وەك یەك بەرپرسیارن، پیوستە فرسەتی لیك حالی بون‌و دانیشتن‌و ریکەوتن لە زووترین کاتدا پیك بهینن.**

**لەو بارەوە نامەی پیشنیاری ریبوار ئەحمەد دەستپیشکەری‌و هەنگاویکی ئیجابیە، بەرەوپیر چونی فەوری بۆ ئەو نامەیە مانای هەولیکی جدیە بۆ پاراستنی ریزی یەکگرتوی یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکانی عیراق، فرسەتیکە بۆ دانیشتن‌و پیکهاتن لە زووترین کاتدا، چونکە وەخت بەدەستەوە نەماوە.**

**جیگای خۆشحالیە کە لەلایەن کەسانیکی رابەریەوە وەلامی ئیجابی بەو نامەیە دراوەتەوە، هیوادارم باقی رابەرانی تریش دەست بەجێ‌و جدی بە دەنگ ئەو بانگەوازە بین.**

**منیش وەك هەلسوراویکی بزووتنەوەی کۆمۆنستی‌و کریکاری لەو بارەوە ئامادەم بۆ هەر دەخالەتیك پیوست بکات‌و دەوری من بە ئیجابی وەرگرێت.**

**سەرکەوتوبن!**

**ئەمجەد غەفور**

**2007/6/22**